بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرش کرایە سەر فڕۆکەخانەی هەولێر

فڕۆکەخانەی هەولێر بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کرایە ئامانج، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانیش زیانی گیانی نەبووە.

چەند سەرچاوەیەکی میدیایی ڕایانگەیاند؛ لەڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە فڕۆکەخانەی هەولێر کراوەتە ئامانج و دەنگێکی بەهێز لەلایەن هاووڵاتییانی نزیک فڕۆکەخانەکەوە بیستراوە.

ئاماژەیان بە ئەوەشکرد کە بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان بەهۆی بەردومانەکەوە زیانی گیانی نەبووە و لە فڕۆکەخانەکە و کونسوڵخانەی ئەمەریکاش زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدراوە.

ئەوەشیان ئاشکرا کرد کە درۆنەکە لەلایەن سیستمی بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانەوە وەڵامدراوەتەوە و توانراوە بتەقێنرێتەوە.